# یاخوا کەس وا گیر نەخوا !!!

فاتمە عومەر ڕێشاوی
هۆڵەندا سیتارد

ڕۆژانە زۆر دەبیسین و زۆر دەخوێنینەوە و سەیر و سەمەرەی ڕۆژگار زۆرن وەك ئەوەی سكرتێری حزبێك دەبێتە سەرۆكی وولاتێك و هەر بە سكرتێریش دەمێنتەوە . یان دوو ئیدرە تا ئێسە یەكیان نەگرت بێ بۆ ئەوەی هەر كەس باس دەسكەوتەكانی خۆی بكات!! خەلك چۆن ئەتوانن دیموكراسیانە دەنگ بدەن ؟؟؟

بەلام ئەوەی سەر سپی ئەكا و توشی زەغتی خوێنت ئەكا, گوتاری هەندێ لەو بەرێزانەیە كە گیریان خواردوە لە نێوان دین و دەسەلات, لە نێوان ئیسلامەتی و كوردایەتی , لە نێوان ئەی رەقیب و حی علی الجهاد .

ئەوەی دەیلێم بە گوێی خۆم نەمبیستایە باوەرم نەدەكرد و مافیشم نەدەبوو بخەمە ژێر رەخنەوە .

* بەرێزیان لە چاوپێكەوتنێكی تەلەفزیۆنیدا دەیووت: ((*ئێمە پشتگیری هەموو لایەنێك دەكەین با علمانیش بێ بە مەرجێ تەتبیقی شەریعەتی ئیسلام بكات* .......))

كەس نەبوو پێی بلێ ماموستا عیلمانیەت و تەتبیقی شەریعەت كوجا مەرحەبیا ..؟؟؟؟

هەر چەن من بەش باحالی خۆم و ئەوەندەی تێگەییشتبم ,, علمانیەت و دین ( هەر دینێ بێ ) دژی یەكتر نین , بەلام عیلمانیەت و دینێكی تایبەتیش دۆستی یەكیشنین ..........

* بەرێزیان لە كۆنگرەی رۆژنامەوانی كە لیستی هاوپەیمانی لەم رۆژانەدا ئەنجامی دا دەیووت:

(( *سیادە بۆ شەریعەتە و دەسەلاتیش بۆ خەلك* .......))

جا ئیتر نازانم بەرێزیان –تەنها بۆ نموونە– چۆن مەسەلەی نیوەبەشی ئافرەت لە میراتتدا لە كۆمەلگەی مەدەنیدا جێ دەكاتەوە؟؟!!!

لە كاتێكدا هەر شەریعەتێكی نەگۆرا و رەها (( بە بۆچوونی ئەوان خۆیان )) سەروەر بێت ,. و هیچ كەسیش لەوان باشتر لە شەریعەت نەگەیشتوە و كەسیش لەوان بۆ مرۆڤایەتی باشتر نیە و نابێتەوە. ئیتر دیمكراسی لە كوێدایە؟؟ حەز ئەكەم بیریان بخەمەوە كە دیمكراسی هەر هەلبژاردن نیە ..........

* یان هەر لە هەمان شوێندا ووتیان (( *ئێمە بۆیە لە كاتی سروودی ئەی رەقیب هەلئەنەسایئەوە .. چونكە ئەو دێرەی تێدایە– دینمان ئاینمان هەر نیشتمان–* ))

باشە بەرێزیان پێم نالێت ئەگەر ئەوان لەگەل دێرێكی تۆز لێ نیشتووی نێوان پەرەكان ناكۆكن, چۆن لەگەل خاوەن و بوێژی ئەو دێرەدا كۆكن. ئەگەر ئەمرۆ دێرێكی پێ قبول ناكرێ سبەنێ لەگەل ئەو هەموو واقع و ئەو رووداوانە كە بە هۆی تێرمی دیموكراسیەت و علمانیەت و كۆمەلگەی مەدەنیەتەوە رووبەرووی دەبنەوە چۆن پێی قبول دەكرێ ؟؟

با پێم نەلێ خوا یارمەتیمان دەدات لە رووبەرووبوونەوەی ئەوانەدا. چونكە سیاسەت مەدار نابێ بریارەكانی لەسەر بناغەی قەدەر و غەیب بینا بكات . سەرەرای ئەوەش پەیامی خوا بۆ مرۆڤەكانی ئەوەیە (( لیس للانسان الا ماسعی ..... )).

من ئەم ووتانەم خستە ژێر رەخنەوە بێ ئەوەی ناوی خاوەنەكەی بێنم, و ناوی كەسی تریش بێنم. ئەوەش لەبەر ئەوە نیە كە نامەوێ ناویان بێنم, بەلام من زیاتر لە رەخنەكەمدا بیروبۆچوونەكەم مەبەستە نەك كەسێتیەكە. هەروەها پێم وایە هەر ئەو نیە كە خاوەنی ئەم بۆچوونانەن بێت. بەلكو ئەمە مشتێكە لە خەروارێك. مەرجیش نیە ئەوان هەلگری سۆزی نەتەوایەتی نەبن, بەلكو دەلێم ئەمە نیشانەی گیرخواردنە لە نێوان گوتاری ئەمرۆی ئیسلامی كە بووەتە ئایدۆلۆژیا و سۆزی نەتەوایەتی. چونكە واقعی ئەمرۆ و سبەینێی كوردستان و– عێراقیش بە گشتی – لەگەل ئەو شێوە بیركردنەوەیە ناگونجێن. با هەلگرانی ئەو بیروو بۆچوونە بە ژمارە زۆریش بن..

لە راستیدا شێوازی گیرخواردن زۆرە ... پارتە نەتەوایەتیەكانیش هەر جارێ گیریان خواردووە لە نێوان ئایدۆلۆژیای خۆیان و دیموكراسیەت و عراقیەت و سەربەخۆیی و زۆر تێرمی تری تازەی ئەمرۆ . جا هیوادارم ئەم گیرخواردنانە درێژە نەكێشن.........